# زۆیا: حەز ناکەم زۆر دەرک

**زۆیا یەکێکە لە گۆرانیبێژە دەنگ خۆش و ناسکەکانی کە لە ماوەیەکی کەمدا بوونی خۆی سەلماند هەرچەندە ئەو لە رۆژئاوای کوردستان دەژیت کە لەوێ ئەنجامدانی کاری هونەری تـا رادەیەکی زۆر زەحمەتە، خـاوەن تایبەتمەندییەکی گرنگی هونەرییە ئەویش دەنگێکی بەجۆش و خرۆشـی هەیە لە پێوەندییەکدا چەند پرسـیارێکمان ئاراسـتەی زۆیا کرد، بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**



*** لە دوایین بەرهەمتدا گۆرانییەکت بەشێوەزاری سۆرانی گوت سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەم کارە دووبارە ناکەیتەوە؟**

-بێگومان بە نیازم گۆرانی دیکەی زیاتر بە شێوەزاری سۆرانی بڵێم، بەڵام تا ئێستا شتێکی دیاریکـــراو لە بەرنامەدا نییـــە، چونکە دەمەوێ لەلایەن کوردەکانـــی هەموو ناوچەکانی کوردستان بناسرێم و هیوادارم بتوانم بە گۆرانییەکانم دڵیان رازی بکەم.

*** هونەرمەندانی رۆژئاوای کوردستان وەك پێویست دەرناکەون ئەگەرچی هونەرمەندی زۆر بە توانا لەم پارچەیەی کوردستان بەدی دەکرێن؟**

- ئەوەی راســـتی بێت رۆژئاوای کوردستان خاوەن هونەرمەندی زۆرە کە زۆر بلیمەت و بە توانان، بەڵام هیچ پاڵپشـــتییەکیان نییە لە هیچ لایەکەوە، هەمووشـــمان دەزانین بارودۆخی ئێمە لە ســـوریا چۆنە، بۆیە من پێموایە لـــە بچووکترین دەرفەتدا چەندین هونەرمەند لە سوریا لەوانە شەیدا، هێڤی و چەندانی تریش.

***ئەی کە پاڵپشت نییە، کێ هانیدای تا بەو ئاستەی ئێستا گەیشتی؟**

- مـــن بـــە ئەرکی خۆم یەکەم بەرهەمی خـــۆم بە ئەنجام گەیاند و کلیپەکەشـــم بە هەمان شـــێوە هەر خۆم کردم واتە کەس پشـــتگیری نەکردم، بەڵام دواتر (ڤین تیڤی) هاوکارییان کردم لە بەرهەمی دووەم و ئەرکی بەرهەمەکەیان خستە ئەستۆی خۆیان و کلیپێکیشـــیان بۆ ئەنجامدام بۆ گۆرانییە سۆرانییەکە، بۆیە دەتوانم بڵێم (ڤین تیڤی) هاوکاری و پاڵپشتییەکی زۆری منیان کردووە.

*** ئەی هاوســـەرت چ رۆڵێکـــی هەبوو لە ســـەرکەوتن و بەردەوامیت لە کاروانی هونەریدا؟**

- بێگومـــان چەند ئاوازێکی بۆ ئامادە کردم لە بەرهەمی یەکەمم ســـێ ئاوازی هی هاوسەرەکەم بوو، گۆرانی (چاڤێ تە) ئاوازەکەی هی هاوسەرم بوو، هەروەها دابەشـــکردنەکەش ئەو ئەنجامیدا، لە بەرهەمی دووەمیش پێنج ئاواز هاوسەرەکەم بۆی ئامادە کردم ئەمە جگە لەوەی بەردەوام هاوکاریم دەکات.

*** باســـی گۆرانی (چاڤێ تە)ت کرد دەکرێ بزانین هۆکاری ســـەرکەوتنی ئەم گۆرانییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەوەی راستی بێت دەبێ هونەرمەند بزانێت کە تێکستی گۆرانییەکەی لەگەڵ ئاوازەکە گونجاو بێت و دەنگی هونەرمەندیش بەشێوەیەك بێت کە لەگەڵ ئاواز و تێکستەکە بگونجێت، بۆیە هۆکاری سەرکەوتنی هەر گۆرانییەك بریتییە لە تێکســـت و ئاوازی جوان و ئەدایەکی ســـەرکەوتووانە لەگەڵ هەستێکی بەرزی هونەری.

# ـــەوم ئەوەک خەڵک لێم بێزار بن



***وەك كچە گۆرانیبێژێك جگە لە گۆرانی گوتن ئاواتی دیكەت نییە وەك نواندن یان پێشكەش كردنی بەرنامەیەكی تەلەفزیۆنی؟**

-من بە هونەر و گۆرانی ناسراوم، راستە زۆر بابەتی لەو جۆرەم پێشكەش كراوە،بەتایبەتی وەك پێشكەشكار لە تەلەفزیۆن، بەڵام من حەز ناكەم زۆر دەركەوم بەڵكو حەز دەكەم دوور بم لە جەماوەرەكەم واتە نامەوێ بەشێوەیەكی بەردەوام و رۆژانە دەركەوم بۆ ئەوەی لێم بێزار نەبن.

***پێشتر دیۆیەكت پێشكەش كرد لەگەڵ هونەرمەندێك و سەركەوتنێكی بەرچاوی بەدەستهێنا، دووبارەی ناكەیتەوە؟**

- هەر ئەو كات چەند هونەرمەندێكی گەورە ویستیان دویۆیان لەگەڵدا بكەم، ئەو كات من دەمویست هەندێك گۆڕانكاری لە كارەكانمدا بكەم و زیاتر لە دیۆیەك نەكەم، بەڵام پێموایە ئێستا كاتی هاتووە دیۆیەكی دیكە ئەنجام بدەم جا لەگەڵ هونەرمەندێك بێت بە شێوەزاری سۆرانی یان كرمانجی، ئێستا هیچ بەرنامەیەكی دیاریكراوم نییە، هەرچەندە كەناڵی (ڤین) دوو گۆرانییان بۆ ئامادە كردووم یەكیان بە عەرەبی و یەكێكیش بە كوردی، چونكە بە راستی دەمەوێ جەماوەری عەرەبیشم هەبێت بەتایبەتی لێرە لە سوریا.

***كەواتە پێت ئاساییە كە هونەرمەندێكی كورد گۆرانی بە زمانی عەرەبی یان زمانەكانی دیكە بڵێت؟**

- من خۆم هیچ گرفتێكم نییە بە هەر زمانێكی گۆرانی بڵێم بۆیە لە ئاهەنگەكاندا بە هەر زمانێك بمەوێت گۆرانی دەڵێم كوردی و توركی و عەرەبی.

*** پێتوایە ئێستا جەماوەر و هەواداری عەرەبیشت هەیە؟**

- بەڵێ لە موسڵەوە سەبارەت بەم مەسەلەیە پەیوەندییان پێوە كردووم، هەروەها لە دوبەیش بە هەمان شێوەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە سوریا خەڵكی عەرەب زۆر سەیری كەناڵە كوردییەكان ناكات بۆیە وە ك پێویست یان لە ئاستی داخوازییەكانی من نییە.

***وەك دایكێك ئایا رێكخستنی كات و بەرنامەی خۆت لەنێوان هونەر و پەروەردە كردنی منداڵ گرفتت بۆ دروست ناكات؟**

- بێگومان كارێكی ئاسان نییە و پەروەردە كردنی منداڵ كاتێكی زۆری ئافرەت داگیر دەكات، بەڵام ئێستا منداڵەكانم گەورە بوون بۆیە هەست دەكەم كاتم زۆر بێت، سەرەڕای ئەوەش من قوربانییەكی زۆر دەدەم لەپێناو هونەری خۆم و بەرەو پێشبردنی.

***هونەری كوردی بەشێوەیەكی گشتی لە چ ئاستێكدایە؟**

- هونەری گۆرانی و مۆسیقای كوردی رۆژ دوای رۆژ پێشكەوتن بەخۆیەوە دەبینێ لە بواری ئاواز و تێكست و دابەشكردنی گۆرانییەوە، لە باشووری كوردستان تێبینی دەكرێت كە هونەرمەندی زۆر بە توانا هەن و هونەرێكی رەسەنی كوردی پێشكەش دەكەن، هیوادارم لە پارچەكانی دیكەی كوردستانیش ئەو دەرفەتە بڕەخسێت، بێگومان ئازاد بوونی ئەو پارچەیەی كوردستان رۆڵێكی سەرەكی هەبووە لەو پێشكەوتنانەی هاتوونەتە ئاراوە لە بواری هونەری و هەموو بوارەكانی دیكە.



# وێستگەی کارۆخ بەڕێوەیە

وەکو گرووپی گەنج بۆ شانۆ ساڵانە ئێمە کارنامەو پەیڕەو و پرۆگرامی خۆمان وەك پرۆژەیەك دەخەینەڕوو، بۆیە پرۆژەی (وێستگە)مان ئامادەکردووە، ئەمکارەی ئێمەش ئاسان نییە، چونکە ئەزموونێکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئەنجام نەدراوە. پرۆژەی وێستگە پرۆژەیەکە کە لەسەر رێگا و قەبرستان ئەوکارە بکەین بەدرێژای شەقامی (٦٠)مەتری بە بەشداربوونی هەموو ئەو ئەکتەرانەی کە ئەندامی گرووپی شانۆی گەنجن. کەواتە یەکەم کاری خۆمان بەئەزموون و داهێنانێکی تازە پێشکەش بکەین، ئەمەش وا لە ئێمە دەکات کاری باشتر ئەنجام بدەین بۆ خزمەتکردنی شانۆی کوردی. هەرچەندە کارێکی قورسە کە ئێمە ئەنجامامان داوە، بەڵام خوێندن و خۆ ئامادەکردنیش وایکردووە کە ئێمە زاڵ بین بەسەریدا، بەدرێژای شەقامی شەست مەتری پرۆژەکە ئەنجام دەدرێت. پەنا بەخوا دڵنیایین کە سەرکەوتنمان سەدا سەد نەبێت، گرنگ ئەوەیە توانیمان خۆمان لەقەرەی کارێکی وابدەین کەکەم لەدەرهێنەرانی دنیا بتوانن بەم کارانە هەڵبستن.

دەربارەی باری تەندروستیشی کارۆخ ئیبراهیم حەکیم وتی: ئێستا باری تەندروستیم زۆر جێگیر نییە، بۆیە بەردەوام سەردانی پزیشکەکان دەکەم بۆ ئەوەی ئاگادار بم، بەڵام ئەمە نەبووەتە رێگر لەبەردەمم بۆ ئەوەی بەردەوام نەبم لە کار کردن، ئەمەش مایەی خۆشحاڵییە بۆ من، چونکە بە کار کردن دەروونم دەحەسێتەوە، کەسێکم هیچ کاتێك حەز لە دانیشتن و وەستان ناکەم ئەگەر وەك پێویستیش کارم نەکردبێت، ئەوا تەندروستیم رێگای پێ نەداوم.



# مەیسا بەرهەمهێنەرە سعودییەکان تورە دەکات

چەند بەرهەمهێنەرێکی سعودی تورەیی و بێزاری خۆیان لە کچە ئەکتەر مەیسا مەغربی دەربڕی، چونکە بە نیازە یەکەم زنجیرە دراما بۆ وەزارەتی راگەیاندنی سعودی بەرهەم بهێنێت.

ئەم هەنگاوەی مەیسا بووە هۆی تورەبوونی بەرهەمهێنەرە سعودییەکان کە بەردەوام لە رکابەرێتیدان لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ وەزارەتی راگەیاندنی سعودی بۆ دەستکەوتنی ئەمجۆرە کارانە و پێیانوایە ئەوان لە وەزارەت لە پێشترن بۆ ئەوەی مەیسا کاریان لەگەڵدا بکات، چونکە پێشتر دەربارەی ئەم بابەتە قسەیان کردووە، بەڵام نەگەیشتبوونە هیچ رێککەوتننامەیەك.

کەچی وەزیری راگەیاندنی سعودی و مەیسا دوای گفتوگۆ کردن گەیشتنە رێککەوتننامەیەك و مافی ئەو کارە هونەرییەی کە بە نیازن ئەنجامی بدەن بە ٧ ملیۆن خەمڵێنراوە و دیمەنەکانی لە چەند ناوچەیەکی جیاجیای سعودیە وێنە دەگیرێن و ئەم زنجیرەیەش لە نووسینی سارە علیوییە.

# ڤیکتۆریا و چـ

ڤیکتۆریا بێکهامی هاوسەری یاریزانی بەناوبانگ دیڤێد بێکهام سەرسامی خۆی دەربڕی بەو بەرهەمە نوێیەی چارەسەرکردنی قڵیشانی پێست و چارەسەرکردنی چینی دەرەوەی پێست کە بەشێکی لە پاشماوەی باڵندەکان پێکهاتووە.


لەم بارەیەوە دۆستێکی نزیکی ڤیکتۆریا رایگەیاند کە هاوسەری بێکهام زۆر سەرسام بوو بە پێستی دەموچاوی هەندێك لە کچە ژاپۆنیەکان کاتێك سەردانی ئەم وڵاتەی کرد و پرسیاری کرد دەربارەی ئەو کرێم و ماکیاژەی بەکاری دەهێنن بۆی دەرکەوت کە بەشێکی زۆری لە پاشماوەی باڵندەکانی دوورگەی کایۆشۆی ژاپۆنی پێکهاتووە و تێکەڵێکە لە ئاو و پۆدرەی برنج و خەرجی یەك دانیشتنی

# صەباح سەلامەتە و خۆی بۆ گـ



دوای ئەوەی خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی صەباح ماوەیەك بەر لە ئێستا باری تەندروستی بەرەو خراپ بوون چوو و ماوەیەك لە نەخۆشخانە بێهۆش بوو،

# دانیا: رۆژی 16/3 حوکم لە کەیسەکەمان دەدرێت



هونەرمەند دانیا عەلی نیشتەجێی هۆڵەندایەو یەکەم گۆرانی خۆی بەناوی «چاپیدی/ چاپیدی» لەساڵی ١٩٩٥ تۆمارکردووە.
ئەو لەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا برینداربووەو نەشتەرگەری لەهۆڵەندا بۆ ئەنجامدراوە. دوای ئەوەی بەرێگەی ناوەندی چاك کە داکۆکی لە کەیسی هەڵەبجەو ئەنفال دەکەن ئاگادار دەکرێتەوە کە تاوانبار ڤان ئانرات ئەو بازرگانە هۆڵەندییەی کە لەساڵی ١٩٨٨ چەکی کیمیایی بەحکومەتی عێراق فرۆشتووە، سەبارەت بەم کێشەیە دانیا بۆ گۆڤاری گوڵان وتی: رۆژی دووشەممەی رابردوو لە دادگای لاهای لە دەنهاخ ئامادە بووم لە هەمان کاتدا ئەو کەسەش ئامادە بوو کە چەکی کیمیایی بە رژێمی سەدام فرۆشتبوو و لە هەڵەبجە بەکارهێنرا، هەرچەندە پێویستە کەسانی تریش بۆ ئەم کەیسە بدرێنە دادگا، بەڵام ڤان ئانرات دانی بە هاوکاری کردنی رژێمی سەدام نەنا و دەیوت: من کیمیام بە عێراق فرۆشتووە بۆ ئەوەی قوماشی لێ دروست بکەن نەك بە مەبەستی سەربازی، هەر لەم دانشتنەدا چەند بەڵگەیەکی دیکە بە (DVD) نیشاندرا بۆیە کەیسەکەمان بەرەو پێش دەچێت و دڵنیاین سەرکەوتوو دەبین تێیدا، هەرچەندە دادگا حوکمی نەدا و بڕیارە لە رۆژی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە واتە ٣/١٦ی داهاتوو دادگا حوکمی خۆی بدات.



# بریتنی بەهێزتر لە جاران گەڕایەوە

دوای ماوەیەك دابڕان و دوورکەوتنەوە لە گۆڕەپانی هونەری و گیروگرفتی بەردەوام، گۆرانیبێژی ئەمریکی بریتنی سپێرز بە گۆرانییەکی نوێ گەڕایەوە بە ناوی (هولد ات اگانیست می) کە بە بەردەوام لە ٤٠ ئێزگەی ئەمریکا پەخش کرا و بووە مایەی رەزامەندی جەماوەر. هەروەها ئەم گۆرانییە ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد لە داونلۆدکردنی لە ویب سایتەکان دوای یەك رۆژ لە بڵاوکردنەوەی و رەخنەگران بە کارێکی باشیان وەسف کرد، لەم بارەیەوە بریتنی دەڵێت: نەمتوانی هیچی تر راوەستم و کاری نوێم نەبێت، چونکە من بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەم جەماوەری خۆم رازی بکەم، بۆیە لە ماوەیەکی نزیکدا ئەلبومێکی نوێ بڵاو دەکەمەوە.

# ـارەسەرێکی سەیر



بەکارهێنانی ئەم جۆرە کرێمانە دەگاتە ٢٠٠ دۆلار، بۆیەش هەر کە ڤیکتۆریا گەڕاوە نیویۆرك یەکسەر کرێمێکی لەو شێوەی پەیدا کرد و خۆی و بێکهامی هاوسەری بەکاریانهێنا.

# ـۆرانییەکی نوێ ئامادە دەکات

راگەیاندنکاری بەناوبانگی لوبنانی جۆ مەعلوف بە(mbc.net)ی راگەیاند ئێستا تەندروستی صەباح باشتر بووە و تەنیا چەند کاتژمێرێك لە نەخۆشخانە ماوەتەوە.
لەلایەکی دیکەوە صەباح بە یەکێك لە رادیۆکانی لوبنانی راگەیاند: تەندروستیم زۆر باشە و بە تەواوی چاك بوومەتەوە و ئێستاش خۆی بۆ گۆرانییەکی نوێ ئامادە دەکات، دەربارەی بارودۆخی سیاسی لوبنانیش صەباح وتی: من حەز لە سیاسەت ناکەم، بەڵام سیاسەتمەدارانی لوبنانم خۆشدەوێت و جیاوازی ناکەم لەنێوان هیچیان و رقم لە کەسیشیان نییە.

# باشترین بەرهەمە هونەرییەکانی سـ

**ئـەم ڕاپرسـییە هونەرییـەی گۆڤاری گوڵان، بەمەبەستی دیاریکردنی باشترین بەرهەمـی سـاڵی ٢٠١٠ لەڕووی تێکسـت و ئـاواز و ئاسـتی هونەرمەندانـی کورد لەسـاڵی ٢٠١٠بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشـوو لەشـاری هەولێر ئەنجامدراوە، بۆئـەم مەبەسـتە ٥٠٠ فـۆڕم لـە چین و توێژە جۆراجۆرەکان بەسەر هاووڵاتیاندا دابەشـکرا و پرسیارەکانیش بریتی بوون لـە باشـترین بەرهەمـی سـاڵی ٢٠١٠ و باشـترین تێکسـتی بەرهەم، باشـترین ئـاوازی، ئاسـتی هونـەری کـوردی بـە بـەراورد لەگـەڵ سـاڵانی ڕابـردوو، ٤٣٪ی بەشـداربووانی ئەم ڕاپرسـییە لە ڕەگـەزی مـێ و ٥٧٪ی لەڕەگـەزی نێـر بـووە، ڕاپرسـییەکە تەنیا لە سـنووری شـاری هەولێـر ئەنجامـدرا، بۆیـە ئەنجامەکانیشی تەنیا بیروبۆچوونی ئەو کەسانەیە کە بەشدارییان تێدا کردووە، بۆ هەڵسـەنگاندنی ئەو ئەنجامانەی کە لە ڕاپرسیەکەدا دەرچوون، بە پێویستمان زانی چەند کەسـێکی پسپۆر و شارەزا لە بـواری گۆرانـی و مۆسـیقا ڕاوسـەرنجی خۆیان لەبارەوە دەرببڕن،**

**دیمانە: ڕۆشنە**



### باشترین بەرهەم

بەڕێـژەی ٤١٪بەرهەمی زەکەریا وەك باشـترین هونەرمەنـد دەستنیشـان کراوە، لـەدوای زەکەریا بەرهەمـی هونەرمەند عەدنان کەریم بەڕێژەی ٢٥٪ لـە پلەی دووەم، هونەرمەند نـازدار بەڕێژەی ١٨٪ لەپلەی سـێیەم، هونەرمەند ئەیوب عەلی بەڕێژەی ١٦٪لەپلەی چوارەم هات،

لـەم بارەیەوە هونەرمەند شـڤان پـەروەر دەڵێت «هەریـەك لـەم هونەرمەندانە زەکەریـا و عەدنان کەریم و نازدار و ئەیوب بەستایلی جیا کار دەکەن و توانیویانە کاری جـوان بکەن، بەجۆرێك خەڵك حەز لە دەنگیان بکات، زەکەریاش یەکێکە لەو گەنجانەی کە توانیویەتی کاری زۆر جوان بکات و دەنگیشـی زۆر خۆشە و خەڵك گوێی لێدەگرێت و لە کارەکانی ڕازیـن، توانی گەنجی کورد و نـەوەی ئەمڕۆ لە هونەری بیانی بگەڕێنێتەوە بۆ سـەر گوێگرتن لە هونەری کوردی، هەروەها عەدنان کەریمیش دەنگی خۆشـە و هونەر و گۆرانییەکانی زیاتر ڕەسەنایەتی پێـوە دیارە بە بەراورد لەگـەڵ هونەرمەندەکانی تر دەنـگ و سـتایلێکی تایبەتـی هەیـە، هەروەها نازدار و ئەیوبیش دەنگیان خۆشـە، بەڵام پێویسـتە ئەم هونەرمەندانە جار جـار لەگەڵ هونەرمەندانی ئەکادیمی و شـارەزا گفتوگۆ بکەن بۆئەوەی کاری باشتر بکەن و هونەری کوردی بەپاکی بهێڵنەوە، نەك هەر بەرهەمێکیان کرد و تەواو بڵێن ئێمە کاری باش دەکەین، چونکە ئێسـتا ٨٠٪هونەری بیانی تێکەڵی هونەری کوردی دەکەن و گرنگی بە ڕەسـەنایەتی نادەن و هونەری کوردیان ناشرین کردووە،

هەر سـەبارەت بەم ڕێژانە هونەرمەند مەزهەری خالقی وتی «هەریەك لـەم هونەرمەندانە ئەمڕۆ لـە کۆمەڵگەی ئێمە دەنگیـان هەیە و خەڵك گوێیان لێدەگرێ و لە کۆنسـێرتەکان خەڵك پێشـوازیان لێدەکات، ئەم چوار هونەرمەندەش چوار کەسی دروسـتن و کاری جوان دەکەن و خەڵك لێیان ڕازییە،

### باشترین تێکست

لە ڕووی هەڵبژاردنی تێکستی گۆرانیبێژان زەکەریا، بەڕێژەی ٤٣٪نموونە کە لە پلەی یەکەمـدا هاتووە و عەدنان کەریم بەڕێـژەی ٢٥٪ پلەی دووهەمی بەدەسـت هێناوە، هاوکات نـازدار ١٧٪پلەی سـێیەم و ئەیـوب عەلی، بەڕێژەی ١٥٪پلـەی چوارەمی بەدەست هێناوە،

شاعیرو تێکسنووس «شـاڵاو» دەڵێت: ئەگەر سـەیری ئەو تێکسـاتە بکەین کەلە گۆرانییەکانی زەکەریـا دەخوێنرێتەوە ئەوە دەبینین بەشـێکی زۆر لەگۆرانییەکانی لێکدانەوەی ناوێ، یان دەتوانین بڵێین هەموو چین و توێـژەکان لەیەکەم گوێ لێبوونیاندا لەناوەڕۆکی هۆنراوەکە دەگەن، هەروەها بەشـێکی زۆر لەهۆنراوەکانـی ئاوازێکیـان تێدایـە، کەواتە دەبێت بەردەوام ئاواز هەبێـت لەهۆنراوەی گۆرانی، دەبێت جۆش و خـرۆش لەناوەڕۆکدا هەبێت، کەواتە هۆنراوەی گۆرانی ڕەنگاو ڕەنگ بنووسرێت، ڕەنگ لەهۆنـراوەکان و گۆرانییەکانـی زەکەریا ڕۆڵێکی جوانـی هەیە، قـووڵ بوونـەوەی گۆرانییەکانی لەدەروونی لەسەر ئەوسـتوونە ڕاوەستاوە کەخەڵك لە تێکسـتەکانی گەیشتوون، ئەو چین و توێژانەی کە گوێگری گۆرانییەکانی بێ وا هەسـت دەکات بە زمانی ئەو نووسراوە، دەتوانم بڵێم زەکەریا ڕێبازێکی سەرکەوتووی هەیە دەبێ زیاتر گۆڕانکاریش بکات لەهەڵبژاردنی تێکسـتی گۆرانییەکانی، دەبێ وەك دوکاندارێکـی زیـرەك بزانـێ کڕیارەکانی چییان دەوێ دەبێ کوتاڵی باشـتر و جوانتر بۆکڕیارەکانی پەیدابکات، دەربارەی هونەرمەند عەدنان کەریم ڕای جیـاواز هەیە، هەموومان دەزانین کەئەو هونەرمەندە شـوێنێکی گەورەی لەدەروونی خەڵکی کوردستان گرتووەو گوێگرێکی بێسنووری هەیە، پشت بەستنی زیاتر بەشیعرە کلاسـیکییەکان وای لێکردووە کە لە بازنەیەکی تایبەت گەشـە بکات و بەشـێوەیەکی کەمێك هێمنتر بتوانێ خۆی بخاتە هەسـتی هەموو خەڵکێ، زیاتـر ئەوانەی گوێی بۆدەگرن لەمانـای شـیعر دەگـەن و حەزیان لەقووڵبوونەوی هۆنراوەیە یان ئەوانەی لە واتا بەرینەکانی عەشقیان دەوێ، ئەم ڕێژانەی کە توێژەرێك دەستی دەکەوێ بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسـیەك کەسنوورێك زۆر دەبـێ جێگـەی لێکۆڵینەوە بێـت، گۆرانیبێژ ڕێژەیەکی زۆرکەم لەخەڵـك دەنگ بـۆ تێکسـتەکانیان دەدەن دەبێ ئەو دەنگانە بەهەنـد وەربگرێـت و دەبێت لـە بەرهەمەکانی داهاتـوودا واز لەم ڕێبازە بێنێت کە گرتوویەتی، بە پێچە و ا نـە ش



# ـــــانی2010 لە راپرسییەکی گوڵاندا

لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، کاتێك هونەرمەندێك هەست دەکا خەڵکێکی زۆر دەنگیان بۆ داوە دەبێ بزانێ کە رێگەیەکی باشی گرتووە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە رابوەستێ لەشوێنی خۆی،

شاعیر و تێکستنووس رێدار سابیر پێیوایە زەکەریا دەربڕینی جوانە و هونەرمەندانە گۆرانییەکە دەڵێت لەگەڵ تێکستەکە هارمۆنیەت لەدەنگەکەیدا هەیە، بەڵام لەم بەرهەمەی دواییدا تێکستی کرچ و کاڵی هەڵبژاردووە و دوورە لە تێکستی هونەری گۆرانی وتن و زۆرتر لەقسەی ئاسایی رۆژانە نزیکە، هەندێك جار هەڵە لەواتای تێکستەکان دەبینم کە بە داخەوە نابێ وابێت، هونەرمەند عەدنان کەریم هەندێك جار تێکستی کلاسیك هەڵدەبژێرێت کە زۆر زەحمەتە بەلای گوێگرەوە، بەڵام ئەو وایکردووە گوێگر ئاشنابێتەوە بەتێکستی کلاسیك و هەڵبژاردنی تێکستەکانیش وێنەی جوانی تێدایە، ئەو لەسەر رەوانبێژی کار دەکات و وشەکان جوان دەردەبڕێت، دەزانێت لە کامە وشە دەوەستێت، ئەمەش حاڵەتێکی جوانە، لەبارەی هونەرمەند نازداریشەوە، رێدار وتی» نازدار لە دەربڕینی کرمانجی سەروودا خاوەن دەربڕینێکی جوان و ئەداکردنی هونەرمەندانەیە، بەڵام لە دەربڕینی کرمانجی خواروودا هەڵە هەیە لەهەڵبژاردنی دەقەکان، دەبێت زیاتر پرۆڤە بکات ئەوانەی ئاوازی بۆ دادەنێن دەبێت زیاتر هەوڵی لەگەڵ بدەن، بۆیە دەڵێم لە دەربڕینی کرمانجی خواروو نەیتوانیوە وەکو پێویست سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، هەروەها هونەرمەند ئەیوب هەندێکجار دەقی گۆرانی دەبینم لەلای کە جوان لەهەڵمژینی تێکستەکە دەگات و جوان تێکەڵی تێکستەکە دەبێت و جوان ئاوێتەی تێستەکە دەکات، واهەست دەکەی خۆی تێسکتەکەی نووسیوە، بەڵام هەندێکجار خۆی لە تێسکتی لاواز نزیك دەکاتەوە،



## باشترین ئاواز

لەرووی هەڵبژاردنی ئاوازەوە،،زەکەریا بەرێژەی ٤٣٪بەپلەی یەکەم هاتووە، عەدنان کەریم ٢٥٪پلەی دووەمی بەدەست هێناوە هاوکات نازدار ١٧٪بەپلەی سێیەم هاتووە و ئەیوب عەلیش ١٥٪ بەپلەی چوارەم دەست نیشان کراوە، لەمبارەیەوە هونەرمەند سەید ئەحمەد رواندزی شارەزا لە بواری مۆسیقا وتی» زەکەریا بووە هۆی بنبڕکردنی ئەو مۆسیقا بیانیانەی کە لە کوردستان هەبوو، وایکرد خەڵك زیاتر حەز لە مۆسیقای کوردی بکاتەوە بەتایبەتی ئەو مۆسیقایانەی لەم سەردەمەدا هەیە، رەنگە خەڵکیش هەبێت حەز لە کاری زەکەریا نەکات، بەڵام زیاتر گەنجەکانی ئێستا حەز لە دەنگی زەکەریا دەکەن، هەروەها لە رووی مۆسیقاشەوە مۆسیقاکانی کوردین، رەنگە لەرووی رۆحیەتەوە رەسەنایەتی پێوە نەبێت، کەموکوڕییەکە لە زەکەریا نییە، لەبەر ئەوەی لە تورکیا کاری بۆ دەکرێت، بڵێین و نەڵێین مۆسیقای تورکی پێوە دیارە، دەنا ئاوازەکان و میلۆدییەکانی زۆر کوردین، بۆیە دەتوانم بڵێم زەکەریا ئەستێرەیەکە لە گۆڕەپانی هونەری کوردی، چونکە ساڵ بەساڵ کاری تازەتر دەکات، هونەرمەند عەدنان کەریم حەز دەکات زیاتر بەستایلی کۆن گۆرانی بڵێت، من وا هەست دەکەم هونەرمەند عەدنان کەریم بەرهەمە کۆنەکانی زیاتر خۆشتر بوو لەوانەی ئێستا، دوایین بەرهەمی زیاتر ستایلی فارسی پێوە دیار بوو، چونکە ئەوانەی مۆسیقای بۆ دەژەنن خەڵکی کوردستانی ئێرانن بۆیە مۆسیقای فارسییان بەسەر زاڵە، هەروەها نازداریش دەنگێکی زۆر کوردی هەیە لەبەرهەمی یەکەمی کەمن بۆم کرد، بەم بەرهەمەش ناسرا، بەرهەمی دوایی کاری جوانی کرد، سەبارەت بەهونەرمەند ئەیوبیش بەرهەمێکی کرد دەتوانم بڵێم بەم بەرهەمە رووخا، چونکە ستایلی عەرەبی بەسەریدا زاڵ بوو، بەڵام ئەو بەرهەمەی ئێستا واهەست دەکەم کە دەنگی پەیدا بۆتەوە لەنێو خەڵك.

## ئاستی هونەرمەندان

سەبارەت بەئاستی گۆرانیبێژان لەساڵی ٢٠١٠بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو، بەشداربووانی راپرسیەکە بەرێژەی ٤٦٪بەشداربووان پێیانوایە کە ئاستی هونەرمەندان لەساڵی ٢٠١٠ بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو زۆر باشە، هاوکات ٣٩٪ی بەشداربووان پێیانوایە ئاستی گۆرانیبێژان خراپتر بووە، رێژەی ١٥٪ ئاستی گۆرانیبێژان لەچاو ساڵانی پێشوو نەگۆڕاوە، لەم بارەیەوە هونەرمەندی گەورە مەزهەری خالقی دەڵێت «ئەم رێژەیە بەکەم دەزانم، چونکە باشووری کوردستان رۆژ بەرۆژ باشتر دەڕوات بەهیچ شێوەیەك رانەستاوە و داهێنان لە نێو هونەری کوردی بەردەوامە.

هەروەها هونەرمەند مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی لەبارەی ئەم راپرسیە وتی: راپرسیەکە جۆرێك لە موجامەلەی تیادایە کە ئەوانەی راپرسیەکانیان لەگەڵ کراوە لە ناوچەیەکی دەستنیشانکراودایە، ئەگەرچی لە گۆڕەپانەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە گۆرانیبێژ هەن، بەڵام ئەم گۆرانیبێژانە تا چ رادەیەك دەنگیان خۆشە یان تا چ رادەیەك گۆرانی کوردی دەڵێن تا چ رادەیەك پابەندن بە مۆرك و رەسەنایەتی میلۆدی نەتەوەیی زۆر لەو گۆرانیبێژانەی لەناو خەڵکیشدا دەنگێکیان هەیە زۆربەی میلۆدییەکانیان لە میلۆدی میللەتانی تر وەردەگرن لە تورکی و فارسی و عەرەبی لە کاتێکدا لە ناوچەکانی کوردەواریدا بە هەزاران میلۆدی جوان هەن، بەڵام لەگوێی ئەواندا نییە و نامۆن بە کەلتوری میللەتەکەیان و بگرە توانجی ناشرینی تێدەگرن نەك هەر میلۆدیەکە، بگرە تێکستی بێسەر و بن بەکاردێنن لە گۆرانییەکاندا کە هیچ مانایەکی جوان نابەخشێت، هەر بۆیە دەڵێم ئاستی هونەری باش هەیە، بەڵام تا رادەیەك دوورە لە دنیای مۆرکی کوردی کە دەکرێت مامەڵەیەکی جوانی لەگەڵدا بکرێت و شان بەشانی میللەتانی تر بڕوات بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە ساڵانی پێشوو رۆحێکی جوان و مۆرکێك و هەستێکی جوان هەبوو لە ناخی گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر و ژەنیاراندا لەگەڵ ئەوەی کە ستۆدیۆی ئەمڕۆ نەبووە، ئەوتا گەنجەکانی ئەمڕۆش لەو هەستەدا دەژین، بەڵام ئەمڕۆ وا هەست دەکەیت زۆر لەو گۆرانییانە ئەو جوانانەیان ونکردووە، پێویستە لەسەری بوەستین و لێی بکۆڵینەوە چۆن گۆرانی کوردی لەم قەیرانە رزگار بکەین..

